# خۆشەویستی .. ڕۆژی یەکشەمە

نزار قەبانی
و /بەندی علی



(1)

زۆر خۆشم ئەویٌ
زۆر ڕقیشم لەپشووی ڕۆژی یەکشەمەیە
ڕقیشم لەوەیە
لەخۆشەویستیمان بوەستین
تەنا بۆ کاتژمێریٌ و
تەنا بۆ ساتەوەختیٌ
کەهەموو پشووەکان
لەخۆشەویستیا وەهمن و
هەموو ڕەوێکیش بیٌ سود
خۆ لەبەرەی جەنگی ئەوینا
جەنگاوەر پشوو ناداو
لەشۆڕشی دەریاشدا
کەشتییەکان

(2)

زۆر خۆشم ئەویٌ
وەڕقم لەهەر ڕۆژێکە
کەڕوخسارتم لیٌ زەوت بکا
دەنگتم لیٌ زەوت بکا
هەڵچونی مەمکەکانتم لیٌ زەوت بکا

ڕازیش نابم ، لەبەردەما نەبی و
لەنێو گلێنەی چاوما نەنوی
لەوەش ئەترسم
کاتمان لیٌ بدزن و
ئەوجا هەندیٌ نیانیی مێینەت
لیٌ هەڵوەریٌ و
هەندیٌ شیعریش لەمن

یولیی 2008